عامری: دواخستنی هەڵبژاردنی کەرکووک واتا ناکرێت

هادی عامری دەڵێت، دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجامێکی کەرکووك بەو مانایە دێت کە لە داهاتوودا ئەو پرسەیە لە شارەکەدا ئەنجام نادرێت.

هادی عامری، سەرکی هاوپەیمانی فەتح، لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، لە ساڵی 2005ەوە تا ئێستا هیچ هەڵبژاردنێك بە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك ئەنجام نەدراوە، "بێیە هیوادارین هەڵبژاردنی ئەم جارە بکرێت لە پێناو بنیاتنانی پارێزگاکە".

دواخستنی هەڵبژاردنی ئەم جارەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، وەکو ئەوەی سەرکی هاوپەیمانی فەتح دەڵێت، "بەو مانایەیە کە لە داهاتوودا هەڵبژاردن لە کەرکووك ئەنجام نادرێت".

بە وتەی هادی عامری، "کەرکووك شاری پێکەوژیانە و هەڵبژاردنی ئەم جارەی ئەنجوومەنی پارێزگاکە دەرفەتێکە بە خەڵکی کەرکووك کە چییان دەوێت هەڵیبژێرن".